# ئۆپۆزیسیۆن و ڕەوشی بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان

## مانگی شوبات لەکۆڕێکی ژووری کوردستان نیشتمانی کورد لەسەر ئینتەرنێت پێشکەش کراوە

ئەگەر بە چاوی ڕاستین و لۆژیکەوە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە هەر لە دەستپێکەوە وەک بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕزگاریخواز دەستی بە تێکۆشان کردووە، هاوکات هەم ڕکابەری و نەیاری خۆی دەگەڵ دەستەڵات پێشان داوە، هەمیش بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی تێکۆشاوە.

یەکەمین بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان لە ڕاپەڕین و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریەوە دەست پێدەکات، ئەمە بەو واتایە نیە کە پێشتر تیرەو هۆزو عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان دژ بە دەستەڵاتی داگیرکەران ڕانەپەڕیون و تێنەکۆشاون، نەخێر پێشتریش خەبات و تێکۆشانی میرو سەرۆک هۆزە کوردەکان هەبووە، بەڵام شێوەو ڕوخساری بزووتنەوەیەکی کوردایەتی سەربەخۆخوازی وەرنەگرتووە، ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کورتخایەن و ناوچەیی بوونە، ئامانجیان ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە.

لێرەدا ناچینە سەر مێژووی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی میرو سەرۆک هۆزەکانی کوردستان، تەنیا مەبەستمان ئەوەیە ڕەوشی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە خێرایی هەڵبدەینەوە و باس لەو پاشاگەردانی و بێبەرنامەییە بکەین کە هەنووکە خەڵکی کوردستان دووچاری هاتوون و پێوەی گیرۆدەبوونە.

بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی دژ بەعوسمانلیەکان دەستی پێکرد، بەڵام چونکە ئامانجی ڕزگاری کوردستان بوو، لە شاری ورمێوە دەستی پێکرد کە ئەوکات لەژێر دەستی ئێران دابوو، سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینە پێیوابوو کە دەبێ سەرەتا شوێن پێی خۆی بکاتەوە، لە ناوەندێکی گرنگ دا خۆی دابکوتێ و مەڵبەندی ڕاپەڕینەکە مسۆگەر بکات، ئەوسا درێژە بە تێکۆشان بدات و بەرەو ڕزگارکردنی ناوچەو شارەکانی دیکە بڕوات.

سەرەتا شێخ عوبەیدوڵڵا نوێنەری ناردە لای پیاوە چالاکەکان و زانایانی کوردستان لە شارەکانی ڕەواندوز و موسڵ و هەولێر و وان و دیاربەکر و بەدلیس و ورمێ و سنە و سابڵاخ و سەرۆک هۆزە گەورەکانی کوردی بانگ کرد و داوای لێکردن بۆ تێکۆشان و یەکخستنی کوردستان ئامادە بن، لە ساڵی (١٨٨٠)دا دوو کۆبوونەوەی گەورەی لەگەڵ سەرانی خێڵە کوردەکان بەڕێوەبرد، کۆمەڵەیەکی کوردی دروست کرد، کە ناوی (ئەنجومەنی کورد) بوو و پێکهاتبوو لە نەتەوەپەروەرانی کورد، ڕەنگە ئەمە سەرەتای پێکەوەژیانی ڕێکخستن و کۆمەڵەی سیاسی بێ لە نێو کورددا. نزیکەی (٢٢٠) سەرۆک هۆز و پیاوی ئایینی بەسەرۆکایەتیی شێخ لە شەمزینان کۆبوونەوە، هەتاوەکو نەخشە بۆ دەستپێکردنی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دابنێن، شێخ هەوڵی دا سوود لە بەسەرهاتی شۆڕشەکانی پێش خۆی وەربگرێت و ئەمیش نەکەوێتە هەمان هەڵەوە، لەم پێناوەشدا چەند هەنگاوێکی نا.

ئارشان سافرستیان لە کتێبەکەیدا (The kurd and kurdistan) چاپی لەندەنی ساڵی (١٩٤٨)دا دەربارەی هەوڵ و تێکۆشانی شێخی مەزن بۆ یەکگرتنی کورد دەڵێت: "بیری پێکهێنانی کۆنگرەیەکی عەشایری کورد لەناو جەماوەری کورددا یەکێک لە ئاواتەکانی شێخ بوو، بەهۆی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان شێخ بۆی دەرکەوتبوو هەتا هەموو هێزی کورد یەک نەخات، هەموو تەقەلادانێکی تری بۆ پەیوەندیکردن بەو وڵاتانەوە شتێکی بێ سوودە".

شێخ لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پیاوماقولان و سەرۆک هۆزەکان و پیاوانی ئایینی ئامادەببوون لە وتارەکەی خۆیدا گوتی: '٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆری عوسمانی دامەزرا، عوسمانییەکان بە ناڕەوا هاتنە سەر کار، دوای ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێی ئیسلامەتی لایدا و ڕێگەی خوانەناسیی گرتە بەر، لەوساوە لاواز و بێدەسەڵاتە و تا دێت لە ڕووخان و هەرەسهێنان نزیک دەبێتەوە، ئەم هەرەسهێنانە بە ئەندازەیەک خێرا دێتە پێش کە ئیتر کەس گومانی لەوە نییە کە ئیمپراتۆریەت بەم زووانە تێدادەچێت'

کەواتە شێخ هەم مەبەستی ئەوەبوو کە ڕکابەری لەگەڵ دەستەڵاتی خەلیفەی عوسمانلی دا بکات، هەمیش دەیویست ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی وەدەست بێنێتەوە.

سەرەتا شێخ عوبەیدوڵڵا بەرنامەیەکی باشی دارشت و بڕیاری دا چەکدارەکان دەست بە هێرش و پەلامار بکەن. لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨٨٠) هێزەکانی خۆی بەسەر چەند بەرەیەک دابەش کرد.

١ـ بەشێک لە هێزەکان بەسەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای مەنگوڕی و مامش بوو، کە ئەرکیان ڕزگارکردنی ناوچەکانی موکری، سابڵاغ و میاندا و مەراغە بوو.

٢ـ بەشێکی تر بەسەرکردایەتیی موحەممەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، ئەرکی ڕزگارکردنی شاری ورمێ بوو.

٣ـ هێزی سێیەم بەسەرکردایەتیی خەلیفە محەممەد بوو، بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی خۆی و سەڵماس.

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشدا عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدایش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا، بە مەرجێ شێخ عوبەیدوڵڵا ویلایەتی بەغدایان بۆ ڕزگار بکات، لە هەمان ساتەوەختدا زۆربەی هێزە کوردییەکانی بەشەکانی کوردستان دایانە پاڵ بزوتنەوەکەی شێخ و بە ماوەی چەند هەفتەیەک ئیدارەی ئێرانی لە کوردستان نوشوستی هێنا و شێخ عوبەیدوڵڵا ئیدارەیەکی کاتیی پێکهێنا و توانیان ناوچەکانی سابڵاغ و میاندا و مەراغە ئازاد بکەن، لە تەورێزی پایتەختی ئازەربایجان نزیک بوونەوە، بەڵام دوای ئەوە ڕووی لە شکست و هەرەس کرد.

شێخ شارەزایی لە کۆکردنەوەی هێزە نێوخۆییەکان هەبوو، بەڵام لە بواری دیبلۆماسیەوە کەم ئەزموون و نەشارەزا بوو، بەوهۆیەوە نەیتوانی پێوەندی دەگەڵ وڵاتاندا دروست بکات، هەر لەو کاتەدا ، واتە لە ساڵی ١٨٨٢ ئەمریکا بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی ئێران دانا و نوێنەری خۆی ڕەوانەی کرد، ئەمەش پێگەی ئێرانی لە ناوچەکەدا بەهێزکرد.

لەدوای شکانی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئیدی بزووتنەوەی ناوچەیی سەریان هەڵدا، بزووتنەوەی سمکۆی شکاک ، شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشی شێخ سەعید و شۆڕشی ئاگری داخ بە سەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا هەر هەموویان لە سنورێکی بەرتەسک و دیاریکراودا خولانەوە، تێکۆشان و شکستیان خوارد. ئەگەرچی لەسەروبەندی ئەو سەرهەڵدانانەدا ڕێکخراوی بەناو سیاسی دروست بوون، بەتایبەتیش **خۆیبوون** کە نەخشی بەرچاوی لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئاگری داخدا هەبوو، بەڵام ڕاستیەکەی ڕێکخراوی سیاسی کە ئامانجی ڕزگاری و سەرخۆبوون بووبێ لە حزبی و هیواو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ کاف) و پارتی ڕزگارییەوە دەست پێدەکات. ئەوەبوو حزبی هیوا هاوکارو هاندەرێکی باشی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٣ی بارزان بوو، هەروەها ژێ کاف کە ببوو بە حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران توانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕابگەیەنێ و دایبمەزرێنێ. دواتریش شۆڕشی ئەیلول بە ڕێبەرایەتی بارزانی نەمر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەڵگیرسا.

ئەگەر بە چاوێکی کوردانەوە لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە بڕوانین، دەبینین هەموویان بە ئاکام نەگەیشتوون و شکستیان خواردووە، مخابن ئێمەی کورد هەمیشە باسمان لە خاڵە باشەکانی ئەو ڕاپەڕینانە کردووەو خۆمان لە خاڵە نێگەتیفەکانیان دزیوەتەوە، ئەمەش نەک لەبەرژەوەند دانەبووە بەڵکو گورزی کاریگەری لە سەرهەڵدانەکانی دواتر داوە.

ئەگەر سەیری مێژووی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٩١ بکەین، ئەگەر سەیری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٨ بکەین، ئەگەر سەیری شۆڕشی باکوری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٩٩ بکەین دەبینین نەک هەر شێوازی ئۆپۆزیسیۆنێکی باش کایە نەکراوە،بەڵکو شەری نێوەخۆیشی لێکەوتۆتەوە و زیانی گەورەی بە هێزو توانای کوردستانیان گەیاندووە، کێشەی کوردی لەبەردەم گەل و وڵاتاندا ڕیسوا و سووک کردووە. بەمەش نەک هەر خوێندنەوەی خراپ بۆ ئۆپۆزیسیۆن کراوە، بەڵکو نەبوونی بەباشتر زانراوە.

هەڵبەت کاتێک لایەنێک، جا ئەو لایەنە دەستەڵاتدارێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یان ئایینی بێ، دان بە هەبوونی لایەنی بەرانبەر دانەنێ و ڕەتی بکاتەوە، گوێ لە خواستەکانی نەگرێ و دژایەتی بکات، ئیدی ئەو لایەنە دەست بۆ شێوازێک دەبات تا خۆی بناسێنێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ، دیارە ڕاپەڕینەکانی کوردستان هەر هەموویان لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەیان گرتووە. حکومەتەکانی ناوەند وێڕای ئەوەی ماف و ئازادی گەلی کوردستانیان زەوت کردووە، ئامادەش نەبوونە گوێ لە داخوازیەکانی گەلی کوردستان بگرن، ئیدی تاکە ڕێگەیەک لەبەردەم ئازادیخوازانی کوردستان ماوەتەوە، ئەویش شۆڕشی چەکداری و پەنابردنە بەر توندو تیژی بووە. بەو شێوەیە ئۆپۆزیسۆن شکلی گرتووە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی نەرێنی بووە، ئەویش یاری پشت شکاندنی لەگەڵ حکومەتەکانی ناوەندا کردووە و هەوڵی داوە بیانڕوخێنێ، ئەمەش لە هێزو شیانی ئەو بەدەر بووە و سەرەنجام بەمەرگی خۆی کۆتایی پێهاتووە.

لە کوردستانی ئێمەدا چونکە بە درێژایی مێژوو حکومەتەکانی ناوەند لایەنە کوردستانیەکانیان قەبوڵ نەکردوون، ئەوانیش ناچار بوونە پەنا بۆ شاخ و بۆ چەکداری ببەن، ئیدی چەمکی ئۆپۆزیسیۆن بە هەڵە لەنێو کوردستانیاندا پێی گرتووە، ئۆپۆزیسیۆن بەواتای دوژمن و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکومەت لێکدراوەتەوە.

ئۆپۆزیسیۆن لەبەرانبەر داگیرکەراندا لەسەر شێوەی بزاڤی نەتەوایەتی خۆی نواندووە، وەک دوژمن سەیری کراوە، ئەویش بە چاوی دوژمن و داگیرکار سەیری ناوەندی کردووە، هەر ئەم لێکدانەوە هەڵەیەش لەبەرانبەر هێزەکانی نێوەخۆی کوردستانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، هەموو شەڕە نێوخۆییەکان لەمەوە سەرچاوەیان گرتووە کە لایەنێک بوون و مەوجودیەتی لایەنێکی دیکەی پێ هەرس نەکراوە، پەسندی نەکردووە و بە مەترسی بۆسەر خۆی لێکی داوەتەوە، ئەمەش توندوتیژی لێوەبەرهەم هاتووە.

جا لە کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیەدا دا تا ئێستاش چەمکی ئۆپۆزیسیۆن شرۆڤەیەکی زانستی بۆ نەکراوەو مافی خۆی پێنەدراوە، تەنانەت ئێستاش هەندێ لایەن و هەندێ سەکردە ئۆپۆزیسیۆن بە دوژمن دادەنێن و لەنێوبردنی بە ڕەوا دەزانن، لە کاتێکدا کە ئەمە زۆر زیان بە دۆزی گەلەکەمان دەگەیەنێ و کۆسپێکی گەورە لەبەردەم پێشکەوتنی کوردستان دادەنێ، ڕەوشە ئاڵۆزو ترسناک تر دەکات.

هەڵبەت لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ شێوازی خەبات لە باشووری کوردستان گۆڕدرا، شێوەی حکومەتی خۆماڵی وەرگرت، بەڵام هەر بە لێکدانەوەو لۆژیکی شاخ و دژایەتی کردن لەگەڵ ناوەندا ڕەفتارو مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات دا کرا، ئەمەش ئازادیخوازانی کەم هیوا کرد، تەنانەت شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواری تێکدا، گورزی کاریگەری لە پێگەی کەسایەتی کوردستانی دا، چەمکی بەرژەوەندخوازی گەورەکرد، نرخ و بەهای مرۆڤایەتی شێواند، تەنانەت وای لێهات کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان بکەنەوە، بۆ وەدەستهێنانی پول و پارە پێ لەبەرژەوەندی گەل و نیشتمان بنێن.

ئەگەرچی لە سەردەمی شەری نێوەخۆدا باسکردن لە ئۆپۆزیسیۆن بوون ئاسان نەبوو، بەڵام دیسانیشەوە هەندێ هێز لاگیریان لە سەنگەرەکانی شەڕی نێوەخۆدا نەکردو بێلایەن مانەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئۆپۆزیسیۆن بوونی دەگەیاند، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێم و هاتنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ عێراق، دوای یەکگرتنەوەی هەر ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێرو پێکهێنانی کابینەیەکی یەکگرتوو، کە بەهەمان عەقڵیەتی کۆنەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرد، ئاوەدانکردنەوەی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن بوو بە خواستێکی هەنووکەیی.

تەنانەت بەهۆی ئەوەی تا ئێستاش سەنگەری دەستەڵات و سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستان لەیەکتر هاوێر نەکراون، دەخوازرێ کە هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات بێنە مەیدان و وەکو چاودێر و ڕکابەر کێبەرکێ لەگەڵ دەستەڵات دا بکەن.

بێگومان قسەکردن لە پێکهێنانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەنێو کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک کوردستان و لەژێر دەستەڵاتێکی ئۆپۆزیسیۆن نەدیودا، زەحمەت بوو، بەڵام دیسانیشەوە هەندێ لایەن ئەو هەنگاوەیان هەڵگرتەوە، بەمەبەستی یەکخستنی گوتاری هێزەکانی دەرەوەی دەستەڵات، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان لە مانگی شەشی ٢٠٠٦دا پڕۆژەیەکیان بڵاو کردەوە، حزبی ڕزگاریی کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان و ژمارەیەک کەسایەتی سەربەخۆ بەپیل پڕۆژەکەی دیموکراسیخوازانەوە چوون، ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٦ دا بەرەی **گۆڕان** دروست بوو، ئەمە یەکەمین بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لەباشووری کوردستاندا بە ئاشکرا ڕابگەیەندرێ و باس لە دەستاودەستکردنی دەستەڵاتدا بکات.

دیارە کە ژیانی سیاسی بە هاوێرکردنی دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ، بەڵام لە کوردستاندا ئەم ڕەوتە شێوێندراوە، زۆربەی لایەنەکان دەیانەوێ پشکیان لەدەستەڵاتدا هەبێ، بەو هۆیەشەوە دەیانەوێ ڕۆڵی دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن کایە بکەن، ئەمەش بە زیانی کۆمەڵگەو ڕەوتی سیاسی تەواو بووە و تەواو دەبێ، ئێمە پێمانوایە ئەو حزبانەی لە هەڵبژاردن دەنگی زۆرینەیان هێناوە، مافی خۆیانە کە کابینەی حکومەت پێکبهێنن و فەرمانڕەوایەتی بکەن، بەڵام دەبێ مافی ئۆپۆزیسیۆن بوونیش بەلایەنەکانی دیکە بدەن، جا ئەو لایەنانە گەیشتبنە پەرلەمان یا دەستیان پێڕانەگەیشتبێ.

بەرەی **گۆڕان** لەژێر دروشمی لە پێناو ژیانێکی باشترو دەستاودەستکردنی دەستەڵات دا پێکهات، ئامانجی ئەوەبوو کە چەمکی ڕاستینی ئۆپۆزیسیۆن بە جەماوەر بناسێنێ و تێیانبگەیەنێ کە هیچ سیستەمێکی دیموکراسی بەبێ هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نابێتە دیموکراسی، هەروەها هەموو حکومەتە بەهێزەکان ئۆپۆزیسیۆنی بەهێزیان هەیە، بەڵام مخابن لێمان کەوتنە تەقە، ئەمەیان بۆ هەرس نەدەکرا، تەنانەت وایان لێکدەدایەوە کە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ بچێتە شاخ و دەست بداتە چەک، دەبێ بۆخۆی دارایی پەیدا بکات، ئەمانەو دەیان گرفتی دیکە هاتنە پێش، سەرەنجام دوای ٨ مانگ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە بەرەکە کشایەوە، تەنیا حزبی ڕزگاریی و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازن و کەسایەتیە سەربەخۆکان مانەوە، دواتر بزووتنەوەی دیموکراسیخوازن لە ژێر گوشاری دەرەکیدا لەنێو خۆیاندا بوون بە دوو بەش ، هەر بەشەی داوای دەکرد کە ئەندامێتی لەبەرەی گۆڕان دا مسۆگەر بکات، دوایی باڵێکیان کشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند، ئێستا بە کردەوە بەرەی گۆڕان سڕ بووە، بەڵام ماوە، حزبی ڕزگاریی کوردستان و باڵێکی دیموکراسیخوازن و کەسایەتیە سەربەخۆکان ماونەتەوە، لەوانەیە لە داهاتوویێکی نزیکدا دەست بە کارکردن بکاتەوەو چەند لایەنی دیکەش بە ئەندام وەربگرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە بەرەی گۆڕان باوەڕی ئەوە بووە کە سەنگەری دەستەڵات و سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن لەیەک جیابکرێتەوەو هاوچەرخانە لەپێناو خزمەتکردن و سەرخستنی پڕۆژەکاندا کێبەرکێ بکەن، بەڵام کاتێ هەندێ چالاکی نواندو باسی لە ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان کرد، ئیدی وەک دەڵێن بوون و چالاکیەکانی بۆ پەزەکە زیانی هەبوو، هەوڵی مراندن و لەباربردنی درا.

من نامەوێ ئەم مەسەلەیە درێژ بکەمەوە، بەڵام ئەگەر ئێستا سەیر بکەین، دەبینین سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دووچاری هەناسەبڕکێ هاتووە، ئەوەی دەیویست پێچەوانە هاتۆتەوە، کەواتە پێداویستی قۆناغەکە ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بکرێ و لەگەڵ دەستەڵاتدا کێبەرکێ بکات.

من پێموایە سەرکردایەتی سیاسی لەم قۆناغەدا پەکی کەوتووە، توانای ئەوەی تێدانیە کوردستانیان بە مەنزڵی بێوەیی بگەیەنێ، تا ئێرەی هێناوە، ئیدی سیاسەتەکەی کورتی هێناوە و کاروانەکەی بۆ تەواو ناکرێ.

من راشکاوانە دەڵێم دەبێ دەستەڵات سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن پەسند بکات، چونکە لەبەرژەوەندی خۆی و گەل و نیشتمان دا دێتەوە، دەنا بەم سیاسەتەی کە پیادە کراوە، بەو بەرنامەیەی کە هەیە و سەرپشک دەکرێ، کار بەرەو پێشەوە ناڕوات ، لە قوڕ چەقیوە ، تا ئێرە هاتووە، تەکانی دیکەی دەوێ، بەکورتی سیاسەتزانی دیکەی دەوێ، سەرکردایەتی نوێی دەوێ. ناکام مانەوەی ماددەی ١٤٠، بەرەو دواوە گێڕانەوەی دۆزی کوردستان، گۆڕینی وشەی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور، دە قەیران و تەنگژەخستنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان وکەم دەستی لە چارەسەرکردنیان، پەرەسەندنی شاڵاوی ژن کوشتن و ژن سوتان، درێژەدان بە گەندەڵکاری، قۆرخکردنی شوێنی پەروەردەیی و خوێندن بۆ حزب، جیاکاری و هاوێرکردن لە دامەزراندنی خەڵک لە دامەزراوەکانی حکومەت، گلدانەوەی سامانی گەل و نیشتمان بۆ حزب و ئاشکرانەکردنی بودجەی حزبەکان ڕەوشی بزاڤی نەتەوەیی کوردستانیان بزماررێژ و بەرتەسک کردۆتەوە، دەبێ ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان بە دوای دەریچەیێکی ڕاستین و لەباردا بگەڕێن، ئەویش خۆی لە ئاوەدانکردنی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنێکی نەترس دەبینێتەوە.

ڕەوشی بزاڤی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان دا بەهەردوو باڵەکەیەوە، دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن نالەبارە، گەندەڵی و بەرچاوتەنگی حزبی و سامان کۆکردنەوە باڵی دەستەڵاتی بەستووە، هاوێری و پەرتەوازەیی و من منۆکێش باڵی ئۆپۆزیسیۆنی گرێداوە. بە واتایێکی دیکە دەستەڵات لەبەر خۆ دەوڵەمەندکردن پشتی لە کێشەی نەتەوەیی کردووە، چالاکوانانی ئۆپۆزیسیۆنیش لەبەر قسەی گەورە ناپڕژێنە سەر کردار و بەڕێوەبردنی چالاکی سودبەخش، بەتایبەتیش چالاکوان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەبواری دەروونناسیەوە دەست کورتن، ناتوانن کاریگەری لەسەر دەروونی جەماوەر دابنێن و شەقامی کوردەواری بخرۆشێنن، چونکە هەندێک لەوان داخ لەدڵانە و حەسودانە و بەرژەوەندخوازانە کار دەکەن، هەندێکی دیکە لووت بەرزو خۆ بەزلزان و زۆر بڵێن، هەندێکی دیکە هەڵپەی خۆژیاندن و مانەوەیانە، ئەوانی دیکەش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەو حاڵەشەوە ئومێدی گۆڕانی گەورە لاوازە.

لە کۆ واتادا دەبێ دان بەو ڕاستیە بنێین کە ئەگەر جیاوازی ڕامان و ئایدۆلۆژیا لەنێوان دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دا نەبێ، نە ڕەفتاری سیاسی دەبێ و نە ناکۆکی و جیاوازی سیاسیش دەردەکەون، لەوانەیە ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە ڕەوشی بزاڤی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەییدا ڕاگرتبێ! ڕاستیەکەی بەشێکی زۆر لەو هێزانەی دەرەوەی دەستەڵات جیاوازی ڕامان و هەڵوێست و سیاسەتیان دەگەڵ هێزەکانی بەشدار لە دەستەڵاتدا نیە، تەنیا ڕوخسارو دەموچاوەکان و ناوەکانیان جیاوازە، دەنا لەبەرنامە و ڕەفتاردا هاوشێوەن و شیانی گۆڕانکاری و پێشکەوتنیان تێدانیە.

دەبێ هێزە ڕکابەرەکان، واتە دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ڕامان و ڕوانگەی جیاوازیان هەبێ، جیاوازی لە بەرنامە، ستراتیژ، بەرژەوەندی و ڕەفتارەکانیان دا هەبێ، ڕوون و ئاشکرابن، جەماوەر جیاوازیەکان ببینێ و هەستیان پێبکات، مخابن ئەمە لە ڕەوشی ئێستای باشووری کوردستاندا ئەستەم و زەحمەتە. ئەمە لە کاتێکدایە کە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان، ڕێکخراوەکان، هێزەکان و حکومەتەکاندا کارێکی سروشتی و هەست پێکراوە، بەڵام لە باشووری کوردستاندا تێکەڵاو کراون. زۆر ئاساییە کە جیاوازی لەنێوان ئەندامانی ئەک بنەماڵەو یەک ڕێکخراویشدا هەبێ، چونکە پێشتر دووپاتمان کردۆتەوە کە سیاسەت زانستی بەڕێوەبردنی جیاوازیەکانە، سیاسەت وێڕای ئەوەی کە هونەری لەدەست هاتووە، زانستی شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ جیاوازیەکان، بەشێوەیەک کە ئارمانج و نرخی بەرژەوەندیەکان دابین و مسۆگەر و بەهێز بکات. لەو ڕاستیایەشدا دەبێ بگوترێ کە زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی ئاشکرایان کردووە کە دەگمەنە دوو مرۆڤ لەم جیهانەدا کتومت و پڕ بە وشەی ڕەها وەک یەک بن، کەواتە زۆر ئاسایی و سروشتیشە کە هێزە سیاسیەکان لە جیاوازی ڕامان و بۆچوون و بەرژەوەندیان لەنێواندا هەبێ، ڕکابەری و کێبەرکێ دەگەڵ یەکتردا بکەن، بەوهۆیەشەوە یاری کێبەرکێ بەهێز دەبێ و لەبەرژەوەندی جەماوەردا تەواو دەبێ. هەربۆیەش نابێ دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە جیاوازیەکانی نێوانیان هەراسان و نیگەران بن و سەرسەختانە بریای سڕینەوەی یەکتر بدەن. ئەگەر هەوڵ و تواناکانی خۆمان بۆ سڕینەوەی بەرانبەر دەکار کرد، واتایێک بۆ ڕوخساری سیاسی بوون نامێنێتەوە، لە زانست و لۆژیک دەردەچێ و شێوازی ڕیزپەڕو ئاوارتە وەردەگرێ، ئەمەش بە زیان گەل و نیشتمان تەواو دەبێ، ڕەوشێکی هاوشێوەی ڕەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستانی لێ دەکەوێتەوە.

ناکرێ لەوە زۆرتر لەم کۆڕەدا قسە بکەین، لە کۆتاییدا دەڵێین: ئایا لەسایەی دەستەڵاتێکی گەندەڵ و بەرژەوەندخواز و خۆهەڵپەساردوو بە هێزی دەرەکی، لە تراویلکەی ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرتەوازەو شەرمن و کەم توانادا، جەماوەری باشووری کوردستان چاوەڕوانی چی دەکەن و ڕەوشی بزاڤی نەتەوایەتی تا کوێ بڕ دەکات و پێشدەکەوێ؟!!

**ڕێکار ئەحمەد**
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

**ئۆفیسی سلێمانی**

گەڕەکی مشیراوا، نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن

٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

**ئۆفیسی هەولێر**

شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو ١٢

ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩

**ئۆفیسی کەرکوک**

حەسیرەکە،

بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،

ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

**ئۆفیسی ڕانیە**

شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز، کتێبخانەی ڕۆژی گەل

ژمارەی تەلەفۆن

٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com